ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
2
25ی کانونی یەکەم / دێسەمبەری 2020



# هاوڕێ شێرزاد فاتح بۆ هەمیشە جێی هێشتین!

**ڕاگەیاندنی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و عێراق سەبارەت بە: ژیان لەدەستدانی هاوڕێ شێرزاد فاتح کادری هەردوو حزب و بەرپرسی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منداڵان.**

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە سەرلەبەیانی ئەمرۆ ٢٣ سێپتەمبەری ٢٠٢٠ هاوڕێی ئازیزو خۆشەویستمان شێرزاد فاتح حبیب ئەندامی هەردوو حزبی کۆمۆنستی کرێکاریی عێراق و کوردستان، هەروەها ئەندامی لیژنەی شارەوانی شاری یاڤلا لەسویدو، بەرپرسی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منداڵان و کەسایەتی ناسراوو دڵسۆزو خۆشەویست دوای ململانێیەکی سەخت لەگەڵ ڤایرۆسی کۆرۆناداو لەتەمەنی ٥٦ ساڵیدا چاوەکانی بۆ هەمیشە لێکناو بەجێی هێشتن لە نەخۆشخانەی سوید.

هاوڕێ شێرزاد فاتح پێداگرو پەیگیر لەسەر بیروباوەڕو فەرهەنگی کۆمۆنیستی هەموو ژیانی خۆی دژ بەستەم و چەوساندنەوە، بۆ بەرگری لە مافەکانی منداڵان، ژنان و کرێکاران، لەپێناو ئازادی و یەکسانی و بەختەوەری کۆمەڵگای کوردستان وعێراق تەرخانکرد بوو.

مامۆستا شێرزاد مێژوویەکی پڕکارو پڕشنگداری هەبوو لە هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستانداو هەر لەسەرەتای دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقەوە کادری هەڵسوڕاو پڕکاری ئەو حزبە بوو. دوای پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانیش یەکێک بوو لە کادرە دڵسۆزو خەمخۆرەکانی حزب.

هاوڕێ شێرزاد لە ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی خاڵەبازیانی سەر بەشاری کەرکوک لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە خاڵەبازیانی تەواوکردووە خوێندنی ئامادەیشی لەشاری کەرکوک و پاشان کۆلیژی زانست، بەشی فیزیای لەزانکۆ موسڵ ⇦



## کاریگەریەکانی دابەزاندنی نرخی دینار لەسەر ژیانی خەڵک!

| موحسن کەریم

دابەزاندنی نرخی دیناری عێراقی لەبەرامبەر دۆلاری ئەمریکی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، بەرێژەی ٢٢% ،ڕاستەوخۆ مانای دابەزاندنی ئاستی گوزەرانی چینی کرێکار و کەمدەرامەت و زەحمەتکێشە بەهەمان ڕێژە. بەسادەیی لەبەرئەوەی هەموو ئەوانەی کە بە کرێ کار دەکەن، چ مووچەخۆرانی حکومەت و چ کرێکارو کارمەندانی کەرتی ئەهلی، مووچە یان کرێی کارەکەیان بە دینار وەردەگرن. ئەو پارەیەشی وەریدەگرن ٢٢% ی بەهاکەی لەدەستداوە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئێستا بڕێکی کەمتر لەو کاڵایە دەتوانن بکڕن، کە جاران دەیانکڕی!

بەڵام لە بەرامبەردا سەرمایەداران؛ بازرگان و خاوەن کاڵاکان هیچ زیانێک ناکەن، ئەگەر قازانجی خەیاڵیش نەکەن. ئەوان کاڵاکانیان بە نرخی تازە دەفرۆشن نەک بە نرخی پێشوو. واتە بە بەرزکردنەوەی نرخی کاڵاکانیان قەرەبووی داشکانی بەهای دینار دەکەنەوە. بێجگە لەوە، بەشێکی زۆر لە خاوەن کاڵاکان هەمان کاڵای پێشوویان بە نرخی گرانتر دەفرۆشن بە هاوڵاتیان، بەوجۆرە قازانجێکی زیاتر دەکەن. کەواتە ئەو بەشەی کۆمەڵگای عێراق و کوردستان کە لەم دابەزاندنەی نرخی دینار زیانیان کردوە، چینی کرێکار و هەموو ئەو توێژانەی کۆمەڵگان کە بە کرێ کار دەکەن و خاوەنی هیچ کاڵا و سەرمایەیەک نین بێجگە لە هێزی کاری خۆیان.

بیانووی بەشێک لە ئابوریناسە بۆرژواییەکان بۆ بەرگریکردن لەم بڕیارەی حکومەتی ناوەند، ئەوەیە کە بەم هەنگاوەی حکومەت، ئاستی هاوردە کەم دەکات و بەرهەم و کاڵای ناوخۆ دەبوژێتەوە. ⇦



گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزب سەبارەت بە:

## سەردانی وەفدی هەرێم بۆ بەغداو پرسی بودجەو مووچە!

بۆ لاپەرە 3

## زنجیرەیەک خۆپیشاندان و نارەزایەتی لە دەرەوەی وڵات بەدژی سیاسەتە سەرکوتگەریەکانی دەسەڵات بەرامبەر بە خۆپیشاندانەکانی کوردستان!

بۆ لاپەرە 6



گفتوگۆ لەگەڵ دەشتی جەمال

## سەبارەت بەخرۆشانی شارەکانی کوردستان

بۆ لاپەرە 5

## درێژەی.. هاوڕێ شێرزاد فاتیح ، بۆ هەمیشە جێی هێشتین

تەواوکردووە؛ ماوەی چەندین ساڵ مامۆستا بووە لە دواناوەندی شۆڕش لە سلێمانی و ماوەیەکیش بەرپرسی سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منداڵانی کوردستان بووە. لە ساڵی ٢٠٠٠دا ڕوودەکاتە ئەورووپاو لە وڵاتی سوید نیشتەجێ دەبێت. نزیک بە دوو دەیەیە لە وڵاتی سویدو لەشاری یاڤلە نیشتەجێ بووەو مامۆستای بیرکاری بووە .

ویستگەکانی خەباتی سیاسی هاوڕێ شێرزاد پڕ لە دەستکەوت و ئەزموونی گەورەیە لەپێناو داکۆکی لەکۆمۆنیزم و مرۆڤایەتی و ئومێدی گەورەی بەحزب و حزبیەت و لەڕیزی پێشەوەی بەجێگەیاندنی ئەرکە سیاسیەکانی بوو. دەیان پرۆژەی هاوکاری منداڵان و ئاوارەکانی لەعێراق و کوردستاندا لە ئەستۆ گرتبوو. پشت و پەنایەک بوو بۆ هەڵسوڕاوانی مەیدانەکانی بەرگری لە مافەکانی منداڵان و ئاوارەکان و ژنان و کرێکاران.

هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستان بەژیان لەدەستدانی هاوڕێ شێرزاد فاتح یەکێک لە سیما بەرجەستەکانی خۆی لەدەستدا. لەدەستدانی هاوڕێ شێرزاد زیانێکی گەورەیە بۆ بزووتنەوەی کرێکاریی و کۆمۆنیستی و بەرەی مرۆڤ دۆستی و پێشکەتوخوازی و یەکسانیخوازی کۆمەڵگای عێراق و کوردستان .

ئێمە لەقوڵایی دڵمانەوە پرسەو سەرەخۆشی لە سەمیرەی هاوسەری و هەردوو کچەکەی تیناو لەنیای ئازیز دەکەین و لە ئامێزی خۆشەویستیان دەگرین. هاوکات هاوخەمی خۆمان بۆ کەسوکارو هاوپیشەکانی و هاوڕێیان و دۆستانی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستان ڕادەگەیەنین و لەم خەمە قورسەدا لە پاڵیان ڕادەوستین.

مامۆستا شێرزاد سمبولی مرۆڤدۆستی بەرجەستە لەناوماندا نەماوە، بەڵام بیروباوەڕو ئامانجی شۆڕشگێڕانەو خەباتگێرانەو ڕاوەستاویەکەی بۆبەرگری لەکۆمۆنیزم و حزبەکانی بۆ هەمیشە لە پراکتیکی ئێمەدا درێژەی دەبێت.

یادی هاوڕێ شێرزاد فاتحی ئازیز لە یادو یادەوەریەکانمانی ئێمەدا بۆ هەمیشە بەزیندویی دەمێنێتەوە.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

**٢٣/١٢/٢٠٢٠**

★

## درێژەی .. کاریگەریەکانی دابەزاندنی نرخی ..

لە ئاکامی ئەمەشەوە لە درێژماوەدا بە قازانج بۆ خەڵکی عێراق و کوردستان دەگەڕێتەوە. دیارە مەبەستی ئەوان ئەو بەشەی کۆمەڵگایە کە خاوەنی سەرمایەو کاڵان، نەک چینی کرێکارو توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگا. بەڵام ئەم جۆرە بانگەشەیە، واتە بوژانەوەی بەرهەمی ناوخۆ، زۆرتر لە وەهمێک دەچێت کە ئابوریزان و سیاسەتمەدارانی بۆرژوازی بانگەشەی بۆدەکەن. چونکە ژێربینای ئابوری عێراق و کوردستان، وەکو بەشێک لە بازاڕی سەرمایەداری جیهانی بەجۆرێک ڕێکخراوە کە زیاتر لەسەر ناردنەدەرەوەی نەوت ڕاوەستاوە. وەگەڕخستنی سەرمایە لە بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری کە لایەنگرانی بەرهەمهێنانی ناوخۆ پروپاگەندەی بۆدەکەن، بەناچاری پەیڕەوی لە میکانیزمەکانی کاردابەشکردنی جیهانی دەکات لە بواری بەرهەمهێنانی کاڵاکان و وەگەڕخستنی سەرمایەدا لە بەشەجیاوازەکانی بەرهەمهێناندا. بازاڕی کارو سەرمایەی عێراق و کوردستان بەپێی یاسا جیهانیە ئابوریەکانی سەرمایە دەجوڵێتەوەو هەڵسوکەوت دەکات.

بۆیە ئامانجی سەرەکی ئەم بڕیارەی حکومەتی ناوەند، کە دەسەڵاتدارانی هەرێمیش پێشوازی لێدەکەن، ئەوەیە کە باری سەختی قەیرانی ئابوری سەرمایەداری عێراق بەسەر شانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و کەمدەرامەتدا بشکێنێتەوە. سیاسەتی ئابوری حکومەتی عێراق، وەکو حکومەتی بۆرژوازی عێراق دەبێ بەرژەوەندی چینی بۆرژوازی عێراق دابین بکات لەسەر حسابی ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و زەحمەتکێش. حکومەتی عێراق پەیڕەوی لە سیاسەتە ئابوریەکانی سندوقی قەرزی نێودەوڵەتی و دامەزراوە ئابوریەکانی سەرمایەداری جیهانی دەکات. سیاسەتی ئەم دەزگا ودامەزراوانەش، ئابوری بازاڕ و نیولیبراڵیزمە کە لەسەر بنەمای دەستهەڵگرتنی دەوڵەت لە پێشکەشکردنی هەرجۆرە خزمەتگوزاریەکی گشتی و هەرجۆرە هاوکاریەکی کۆمەڵایەتی بۆ هاوڵاتیان و ڕەهاکردنی دەستی بازاڕ و سەرمایەیە بۆ داسەپاندنی نامرۆڤانەترین هەلومەرجی کار و ژیان و گوزەران بەسەر چینی کرێکار و توێژە زەحمەتکێش و کەمدەرامەتەکاندا دامەزراوە.

تەواوکەری ئەم سیاسەتەی حکومەتی عێراق، لێگرتنەوەی مووچەی کارمەندان و فەرمانبەرانی کەرتی حکومی لەلایەک و دانانی باجە لەسەر دەرامەتی هاوڵاتیان. واتە سەربارى دابەزاندنی نرخی دینار، بە دوو شێوەی دیکەش مووچەی کرێکاران و کارمەندانی حکومەت کەم دەکرێتەوە کە دەکاتە نزیکەی ١٥-٢٠% ی مووچەکانیان. بەوجۆرە مووچەی واقعی مووچەخۆران و خێزانەکانیان کە بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگای عێراق و کوردستان پێکدەهێنن، نزیکەی ٣٥-٤٠% کەمدەکرێتەوە.

لەکۆتاییدا، سەرتاپای ئەم سیاسەتەی حکومەتی عێراق، بۆ دەربازکردنی بۆرژوازی عێراقیە ( بە کوردستانیشەوە) لە قەیرانی ئابوری و کورتهێنانی قازانج و کەڵەکەی سەرمایەکانیان و دەستپێکردنەوەی دەورەیەکی دیکەیە لە چەوساندنەوەی وەحشیانەی چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش و کارگەری عێراق و کوردستان. ئەم سیاسەتە دەبێ ڕووبەڕووی بەرەنگاری توندی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی عێراق و کوردستان ببێتەوە. جێبەجێبوونی ئەم سیاسەتەی حکومەتی بۆرژوایی عێراق ژیان و گوزەرانی خەڵکی زەحمەتکێشی عێراق وکوردستان بەرەو کارەسات و وێرانبوون و هەژاری ڕەها پاڵ پێوەدەنێت.

★



گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزب سەبارەت بە:

# سەردانی وەفدی هەرێم  بۆ بەغداو پرسی بودجەو مووچە!

**ئۆکتۆبەر: وەکو دەزانن بەردەوام حکومەتی هەرێم ، حکومەتی ناوەند تاوانبار دەکات بەرامبەر بە کێشەی مووچەی مووچە خۆران و تێکچوونی باری ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان. ماوەیەکیشە وەفدێکی حکومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت، چوەتە بەغدا تا لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی عێراق پرسی بەشە بودجەی هەرێم و مووچەی مووچەخۆرانی کوردستان یەکلایی بکەنەوە. ئاماژەکان وا دەردەخەن کە وەفدەکەی هەرێم بە هەموو مەرجەکانی ناوەند رازی بووە، بەڵام هێشتاش وەڵامێکی ئەرێنییان لە ناوەند دەست نەکەوتوە. بەرای ئێوە ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەم دوو لایەنە رێک بکەون و کێشەی بودجەو مووچەی هەرێم چارەسەر ببێت!؟ یاخود ئێوە خوێندنەوەیەکی دیکەتان هەیە بۆ سەرجەم پرسەکە؟**

**عوسمان حاجی مارف:** مەسەلەیەک کە ئێستا روون و ئاشکرایە، ناتوانین پەیوەندی و کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و ناوەند تەنها لەچوارچێوەی بودجەو مووچەدا لێک بدەینەوەو لەسەر ئەم بنەمایەش تاوانبار دیاری بکەین، یان لەم چوارچێوەو پەیوەندیەدا ئاکامێک بدەین بەدەستەوە لەسەر ئەوەی کە ئەتوانن رێک بکەون یان ناتوانن رێک بکەون، یان حکومەتی هەرێم بە هەمو مەرجەکان قایلن.

لەهەمانکاتدا دەرکەوتەو گەورەکردنی ئەم کێشەیە بەناوی بودجەو موچە دەبینین کە چ کاریگەریەکی لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵک داناوەو بۆتە جێگای تورەیی و نارەزایەتی بەرفراوان، هەروەها نیشاندانی قەیرانێکی بەرفراوان لەلایەن دەسەلاتدارانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقیەوە، هەروەها دانانی خەڵک لە چاوەروانیەکی نادیارو بێکۆتایدا کە چەندین ساڵ و کاتە دوبارە دەبنەوەو مایەی گێژاوێکی سیاسی زۆر ئاڵۆزو ناجێگیرە.

هەرچەندە مەسەلەی بودجەو مووچەو تەواوی بارگرژی نێوان حکومەتی بەغداو هەرێم مانگ بەمانگ و ساڵ بە ساڵ تازە دەبنەوەو هیچ کات نەیتوانیوە حاڵەتێکی جێگیرو رۆتین بە سەقامگیری سیاسی بە خۆیەوە ببینێ، پێموایە بەگوێرەی پێکهاتەی دەسەلاتی سیاسی هەردولایان، یەکەم: وەک پێکهاتەی هێزی میلیشیا کە مێژوویەکی درێژ لە داگیرکاری و قۆرخکردنی دەسەلات و بەتالانبردنی سەروەت و سامانی ئەم وولاتەن. دووەم: دابەشکردنی عێراق و کوردستان بە ناوچەی جیاجیا بە دەسەلاتی بنەماڵەو تائیفی و دەستەو گروپ و تاقمی نەتەوەپەرست و ئیسلامی بەهاوتای نفوزی سیاسیان.

سێیەم: خۆبەستنەوەی هەر هێزو لایەنێکیان بە بەرژەوەندی سیاسی وولاتانی زلهێزی دنیاو وولاتانی ناوچەکە بە ئێران و تورکیاوە. چوارەم: چاوەروانبونی ئەم هێزە میلیشییانە لەتەواوی ماوەی دەسەلاتی سیاسیاندا بە ئاکامی کێشمەکێشی وولاتانی زلهێزی دنیاو ناوچەکەو وەک بەشێک لە بەردەوامیدان بە نائارامی و گێژاوی سیاسی. هەمو ئەمانە ئەنجامگیریەکە بۆ ئەم هێزە سیاسیانە بەشێکن لە هۆکاری سەرەکی خولقاندنی گێژاوی سیاسی و خولقاندنی قەیران بەدوای قەیران، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کێشەکان رۆشن و ئاشکران و تەنها بە بودجەو مووچە پێناسە ناکرێن و بە رێکەوتن لەسەر بودجە چارەسەر نابێت، بەڵکو ئەتوانین بڵێین بودجەو مووچەش ئاکامی کێشەی نائارامی و ناجێگیری سیاسی و قەیرانەکانن کە تەواوی ناوچەکەی گرتۆتەوە، بەواتایەکی تر تەواوی بوونی ئەم هێزە میلیشییانە بە جیا لە خۆبەستنەوە بە پاراستنی وەبەرهێنان و سەرمایە گوزاری و کەڵەکەی سەرمایەو بەرژەوەندی وولاتانی تر، لەم دۆخە نالەبارەی ئێستای کوردستان و عێراقدا بە هیچ جۆرێک لەسەر ئەو خاڵانەی کە ئاماژەمان پێکرد، مەحاڵە ئاسودەیی و جێگیری سیاسی بە مانەوەی ئەو هێزانە فەراهەم بهێنرێت، بۆیە قسەکردن لەسەر رێکەوتن و نیشاندانی پێکهاتەیەکی گونجاو جێگیر لە پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا هێزە سیاسیەکان ئیمکانی نیە، لەهەمانکاتدا هەر هەمویان وەک یەک یەکەو پێکهاتە لە خولقاندنی دۆخی بارگرژی و پرکارەسات و تاوان و چارەنوسێکی نادیارو دابەزینی ئاستی گوزەرانی خەڵک و بێکاری و هەژاری و برسیەتی و نائاسودەیی بۆ زۆربەی دانیشتوانی کوردستان و عێراق بەبێ زیادو کەم وەک یەک تاوانبارن و دەبێت دەسەلاتیان کۆتایی پێ بهێنرێت و سزا بدرێن.

**ئۆکتۆبەر: هەر لەوکاتەدا کە وەفدی هەرێم لە بەغدادەو بڕیارە لەگەڵ کازمی سەرۆک وەزیرانی عێراق و حکومەتی ناوەند لەسەر پرسی**

**نە قەومی، نە دینی .. بژی ناسنامەی ئینسانی!**

## درێژەی.. گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف

**بودجە و کێشەکانی نێوان بەغدا و هەرێم رێک بکەون، کازمی سەردانی تورکیا دەکات. بەڕای ئێوە هیچ پەیوەندیەک هەیە لە نێوان سەردانەکەی کازمی بۆ تورکیاو وەڵامدانەوە بە وەفدەکەی هەرێم، بەتایبەتی کە باس لەوە دەکرێ حکومەتی هەرێم گرێبەستی (٥٠) ساڵەی فرۆشتنی نەوتی لەگەڵ تورکیادا واژۆکردوە و یەکێک لە گرفتەکانی نێووان هەرێم و ناوەندیش ئەوەیە کە دەبێ بڕێک نەوت ڕادەستی بەغدا بکات تا بەشە بودجەی هەرێم بنێرن!؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** لەم دەورانەدا بەگشتی ئەوە دەبینین کە ماوەیەکی دورودرێژە، بارگرژی نێوان هەرێم و بەغدا بێچارەیەو قوڵکردنەوەی قەیرانەکەی بە خۆوە نیشانداوە، بە چەشنێک کە چەندەها ڕوایەتی سەیروسەمەرەو جیاواز لە میدیاکانەوە تا ئاستی گاڵتەجاری بە گفتو گۆو دانوستانەکانیان دەکرا، لە هەمانکاتدا نیشاندانی بنبەستێک لە پەیوەندی هەرێم و بەغدا، هەروەها بنبەستی ئاشکرا لەهەر چاکسازیەک، بەڵکو زیاتر قوڵکردنەوەی قەیرانەکانیان تەعبیری لێ دەکرێت.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد کەتەواوی ئەم هێزە سیاسیانەی دەسەڵاتدارن لە هەرێم و عێراقدا، لەسەر بنەمای پاشکۆ بون و پابەند بونیان بە بەرژەوەندی ئابوری و سیاسی وولاتانی ناوچەکە و ڕادەستکردنی سامانی کوردستان بە مامەڵەو گرێبەستی هەرزان بازار و ژێربەژێرو قاچاخچێتی نەوت، واتە هیچ گومانێکی تێدا نیە کە کێشەو گفتوگۆو ڕێکەوتنەکانی نێوان خۆشیان لە چوارچێوەی پابەند بوون بە بەرژەوەندی وولاتانی ناوچەکە ببێتە هۆی کارکردی جدی لە پەیوەندی و ڕێکەوتنەکانیان، بەم مانایەش سەردانی کازمی بۆ تورکیا بەسادەیی دەتوانین بڵێین پەیوەستە بە چۆنیەتی دڵنیایی ڕێکەوتنێک کە بەغدا دەخوازێ لەگەڵ هەرێمدا بەئەنجامی بگەیەنێت، ئەوەش زۆر بێ پەردەو ڕونە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە تەواوی ٢٩ساڵی دەسەڵاتی هێزە کوردایەتی و میلیشیاکەیدا تەواو ملکەچی دەسەڵات و نفوزو دەوری دەوڵەتی تورکیایە لە ناوچەکەو کوردستاندا.

**ئۆکتۆبەر: مەسەلەیەک کە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە لە دانوسانەکانی نێوان بەغدا و هەرێمدا هەمیشە پارتی و بەرپرسانی پارتی خاوەنی بڕیاری سەرەکی بوون و وەفدەکان لە کەسایەتیە ئەسڵیەکانی ئەو حزبە پێکدەهات! بەتایبەتی بڕیاردان لەسەر پرسی نەوت ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پارتیەوە هەبووە! ئێوە چۆن لە پێکهاتەی ئەم وەفدەی هەرێم دەڕوانن کە قوباد تاڵەبانی سەرۆکایەتی دەکات!؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** لە واقعیەتی بوونی هێزە میلیشیاکانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، پێویستە ئەوە ڕۆشن بێت بۆمان کە پارتی دیموکراتی کوردستان و مەسعود بەرزانی، لە هەلومەرج و هاوکێشەی سیاسی پێشترو ئێستادا هێزی یەکەم و خاوەن دەسەڵاتێکە بەهەر قەیران و بنبەستێک کە دەرگیری بوبێت، پێش هەموو شتێک حکومەتی عێراق یا کازمی پێویستی بە ڕێکەوتنی بنەڕەتیە لەگەڵ بارزانی و دەسەڵاتەکەیدا، جا ئەوەی کێ دەچێت بۆ بەغداو کێ لەگەڵ هێزە میلیشیاکانی عێراق گفتوگۆو دانوستان دەکات، لە هاوسەنگی باڵای هێزی بارزانی ناگۆردرێت، بۆیە ناکرێ بەبێ بڕانەوەو بڕیاری پارتی دیموکرات و بەرزانی هیچ ڕێکەوتنێک واژۆ بکرێت، ڕاستە قوباد تاڵەبانی یەکێک لە سەرکردەکانی یەکێتی نیشتمانیە، بەڵام بە نوێنەری حکومەتێک لە بەغدایە کە خاوەنی ئەسڵی ئەم حکومەتە بنەماڵەی بەرزانیەو بەبێ بڕیاری ئەوان هیچ واژۆیەک دەورو بەهای سیاسی نابێت، ئەگەری ئەوە هەیە کە حزوری قوباد تاڵەبانی لە بەغدا لە حاڵەتی هەر ڕێکەوتنێکدا پاداشتێکە لە لایەن بارزانیەوە بۆ یەکێتی نیشتمانی تا ئومێدێک ببەخشێ بە خەڵکی تورەو نارازی و خرۆشانە جەماوەریەکانی ناوچەی سەوز، کە لە هەمان کاتی پیادەکردنی ئەوپەڕی توندوتیژی و تۆقاندن لەلایەن هێزە چەکدارەکانی یەکێتی نیشتمانی لە بەرامبەر خرۆشانە جەماوەریەکاندا، حزوری قوبادیش بەمانای چەواشەکاریەک دەناسرێت، کە پێموایە لە نالەباری ئەم هەلومەرجە پر پێچ و قەیرانەدا کە تەواوی بزوتنەوەی کوردایەتی دەسەڵاتەکەیان دەرگیری بووە تا ئاستی ئەگەری هەرەسهێنانی ئابوری و سیاسی، ناتوانێ دەستکەوتێکی ئەرێنی بۆ یەکێتی نیشتمانی بەدەست بهێنێت. لەهەمانکاتدا تورەیی و نارەزایەتی لە تەواوی کوردستاندا کە سەراسەری و لە ئاستێک و بە جۆرێکە، خەڵکی جگە لە تۆڵە سەندنەوەو کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی هەردوو بنەماڵە لە پارتی و یەکێتی و هاوکارانی بە هیچی تر قایل نابێت.

★

ئۆکتۆبەر.. ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
سەرنوسەر : موحسن کەریم
00964(0)770 047 5533
muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

# سەبارەت بەخرۆشانی شارەکانی کوردستان

## گفتوگۆ لەگەڵ دەشتی جەمال



**ئۆکتۆبەر: دوای چەند رۆژ لە نارەزایەتی و خرۆشانی جەماوەری و بەتایبەتی گەنجانی بەشێک لە شارەکانی کوردستان، جارێکی دیکە شەپۆلی هاتنە سەر شەقام و خۆپیشاندان هێور بوونەوەیەک بەخۆوە دەبینێت. ئێوە هۆکاری ئەم هێور بوونەوەیە بۆچی دەگێرنەوە؟ دانی مووچە، سەرکوتی بێرەحمانەی نارەزایەتییەکان لەلایەن میلیشیاکانی یەکێتی و پارتییەوە، یاخود لاوازییەکانی خودی بزووتنەوەکە؟**

**دەشتی جەمال:** هێوربونەوەی نارەزاتییەکان بەهۆی کاردانەوەیەک بوو لەسەرکوتگەری وداپڵۆسین کەبەکوشتنو تەقەکردن وگرتنی هەڵسوراوانی خۆپیشاندانەکان وەڵامی وەرگرتەوە لەلایەن هەردوو هێزی میلیشیای یەکێتی وپارتییەوە. دەسەڵات لەوە گەیشتبوو کەتورەیی ونەفرەتی قوڵی جەماوەری ناڕازی لەسکستو بنبەستی سیستەمی سیاسی فەرمانرەوای ئەو حزبانە بەجێگایەک گەیشتووە کەخەڵک بەکردەوە خەریکە وەلانانی ئەو دەسەڵاتە جێبەجێ دەکات. ئەوەش لەهێرشکردنی جەماوەر بۆسەر بارەگای ئەوحزبانەدا کەرەمزی ئەودەسەڵاتە گەندەڵو تاڵانچییە بەرجەستەبوو.

خەڵک بەتەجروبە لەو راستییە تێگەیشتووە کەهیچکام لەهێزە ناسیونالیستە کوردەکان وئیسلامیەکان سیاسەت وبەرنامە وکارکردنیان هیچ پەیوەندیەکی بەژیان وگوزەرانی رۆژانەی خەڵکەوە نییە. لەژێر سایەی ئەواندا بێکاریو هەژاری ونەداری وبێموچەیی وجیاکاری ونادیاریی چارەنوس بۆتە نەسیبیان.خۆپیشاندان وخرۆشانە جەماوەرییەکەی ئەم دواییانە زۆرتر گەنجانێک دەوریان تێدا بینی کەرۆڵەی خێزانە کرێکاری وفەرمانبەر وکەمدەرامەتەکانی کوردستانن وبەچاوی خۆیان تالانچی بەرپرسانی ئەم حزبانە وژیانی ساهانی خۆیانو منالەکانیان دەبینن، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەوەی کەنارێکخراو وپەرش وبڵاو بوون بەرگەی هێرش وپەلاماری رێکخراوی حزبە چەکدارەکانی دەسەڵاتدارەکانی نەگرت وبەشێوەیەکی درندانە سەرکوت کرا. ئەمەش بارودۆخی خرۆسان وخۆپیساندانە جەماوەریەکانی تائێستا بووە.

لاوازیی رێکخراوبوونیش یان وردتربلێم نەبوونی هیچ جۆرە رێکخراوێکی جەماوەری خەباتکار وشۆرشگێر، گرفتێکی سەرەکی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری وخرۆشانە جەماوەرییەکانی ئەم دواییانەش بووە کەسەرەنجام وەکو فاکتەرێکی دیکە لەپاڵ سەرکوتی هێزە میلیشیا دەسەڵاتدارەکاندا بووە هۆی خامۆشبوونەوەی ئەم نارەزایەتییانە. لەلایەکیترەوە نەبوونی رابەرییەکی سیاسی بەرچاورۆشن و موعتەبەر وجێ پەسەندی خەڵکی ناڕازی ئەویش بەنۆبەیخۆی فاکتۆرێکی گرنگ بوو کەوایکرد خرۆشانی جەماوەری بێنەخشە وبێ ئاسۆی سیاسی وتاکتیکی دروستی عەمەلی بۆ پوچەڵکردنەوەی پیلان وهێرشەکانی دەسەڵات بمێنێتەوەو خۆی نەگرێ لەبەرامبەر پەلاماری حزبە فەرمانرەواکاندا.

**ئۆکتۆبەر: بەرای ئێوە چی بکرێ بۆئەوەی ئەم خۆپیشاندان و خرۆشانە جەماوەرییانە لەو ئەڵقەیە دەربازی بێت کە سەرهەڵدەدات و دووبارە خامۆش دەبێتەوە و ناتوانێ ئاکامەکەی بە قازانجی خەڵکی نارازی بشکێتەوە؟**

**دەشتی جەمال:** رزگاربوونی ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتییانە لەم پەرش بڵاوییە و بەئاکام گەیشتنی لەگرەوی رێکخراو بووندایە. کاتێک دەڵێین رێکخراوبوون واتە بەدەستهێنانی کاری هاوبەش ودەستەجەمعی، کاری هاوبەش بۆ کردەیەکی جەماوەری. کاتێک ئەم خۆپیشاندانانە پەرشوبڵاو بێ، بێ نەخشە بێت، بێ رابەر بێت، ئەوا پەرت پەرتکردنی بۆ دەسەڵاتداران ئاسان دەبێت، چونکە ئەوان هێزی راهێنەر و ئامادەن، بۆ جەماوەریش گەر نارێکخراو بێت بێدەنگکردن و ملکەچپێکردنی ئاسانە. بەڵام جەماوەری رێکخراو و یەکگرتوو، یەکدەست و یەکدەنگ و تۆکمەیە. رێکخراوبوون ئامرازێکە بەدەستی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشەوە بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی لەبەردەمی خۆیدا دایدەنێت. تەنانەت ئەو ئامانجە بۆ چاکسازی و بەدەستهێنانی مافی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیش بێت، رێکخراوبوونی دەوێت چ جای ئەوەی ئەگەر ئامانجی جەماوەر ئاڵوگۆری ریشەیی لە بنەما و سیستەمی دەسەڵاتدا بێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئاستێکی بەرز و فراوانی لە رێکخراوبوونی جەماوەری پێویستە. مەسەلەیەکی تریش دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم سەبارەت بە رێکخراوبوون تەنها رێکخستنی خۆپیشاندانەکان و نارەزایەتییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو پێویستە رێکخراوبوون لە گەرەکەکان، لە شوێنی کار، لە ناوەندە پیشەسازییەکان، لە شوێنی کاری خەڵکدا دەست پێبکرێ. هاوکاتیش ئاسۆی ئەو نارەزایەتییانەی خەڵک سەربەخۆ بێت، لەئاسۆی هێزە ناسیونالست و ئیسلامییەکان، کە هەمیشە بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان یاری بە نارەزایەتی و تێکۆشانی جەماوەر دەکەن، و لە رابردوودا هەروایان کردوە، تابتوانن لەناو شانۆی کێشمەکێشە سیاسییەکاندا هاوسەنگی هێز بەقازانجی بنکە و پێگەی خۆیان بگۆرن. رابەرانێک ئەگەر بیانەوێت ئەم نارەزایەتییانەی خەڵکی نارازی بۆ ئومێدی

### زنجیرەیەك خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی لە دەرەوەی وڵات

# بەدژی سیاسەتە سەرکوتگەریەکانی دەسەڵات بەرامبەر بە خۆپیشاندانەکانی کوردستان!




بەدوای دەستپێکردنی شەپۆلێکی ناڕەزایەتی لەزاخۆ وناوچەی بادینان و سلێمانی وهەندێک ساروسارۆچکەی تر، دەسەڵاتدارانی هەرێم بەتایبەتی پارتی، ژمارەیەکی زۆری لەهەڵسوراوانی خۆپیشاندانەکان دەستگیرکرد کە لەنێوانیاندا مامۆستا وشۆفێر ورۆژنامەنوس وهەلسوراوی سیاسی دەستگیرکرد، تەنانەت کەسانێک شوێن بزرکران وڕێگا بەکەسوکار وپارێزەرەکنیشیان نەدرا بیانبینن وژمارەیەک تائێستاش بێسەرو شوێنن، لەبەرامبەر ئەم هەڵسوکەوتە سەرکوتگەرو دژە ئازادیەدا، ڕێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەدەرەوە وەک بەشێکی گرێدراو لەگەڵ خەباتی خەڵکی کوردستان، کەمپینێکی ڕاگەیاند، مەبەستی ریسواکردنی دەسەڵاتدارانی هەرێم لە ئاستی نێودەوڵەتی بۆ فشار خستنەسەریان و بەرپرسیار کردنیان سەبارەت بە سەلامەتی و ئاسایشی هەموو ئەوانەی زیندانیکراون و بۆ دەستبەجێ ئازادکردنی دەستگیکراوەکان و قەرەبووکردنەوەی خۆیان و خێزانەکانیان هەروەها بەفەرمی ناسینی مافی ئازادی خۆپییشاندان هەڵسوڕانی سیاسی لە کوردستان...

هەموو ئەوانە بۆ ئەوەی بتوانیین بەربەستی بەردەم ناڕەزایەتیە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان بشکێنین. لەوبارەوە نامەمان بەزمانی ئینگلیزی و نەرویجی ئاڕاستەی ( ڕێکخراوەکانی لێبوردنی نێودەوڵەتی، چاودیری مافەکانی مرۆڤ، ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە ڕۆژنامەنوسان، دەیان سەندیکای کرێکاری، ئەحزابی چەپ و کۆمۆنیست، پەرلەمانی ئەوروپا و لیژنەکانی مافی مرۆڤ لەپەرلەمانی بەریتانیا و ئەوروپا کرا .... هەر لەوەڵام بەم کەمپەینەدا دەیان حزب و سەندیکای کرێکاریی لە ئاستی بەریتانیا و فنلاند نامەی ناڕەزایەتیان ئاڕاستەی نوسینگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد هەروەها چەندین کەسایەتی لەوانە جێرمی کۆربن سکرتێری پێشوی لیبەر پارتی و سکرتێری گەورەتیرن سەندیکای کرێکاری لە بەریتانیا و فنلاند نامەی ناڕەزایەتیان نوسی و گروپی پەرلەمان ئاگادارکرانەوە هەروەها چەند خۆپیشاندان لەبەردەم بارەگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێکخرا. جگەلە کەمپەینی واژو کۆکردنەوەی دەیان خەڵکی ئازادیخواز و ڕۆژنامەنوس دژ بەو یاساو ڕێسایانە پێشنیار کراوانەی کە دژی ئازدی و ئازادیەکانی خەڵکی کوردستانن پیشنیارکران.

لە سەرەتای مانگی دیسەمبەردا و لە درێژماوەی وەڵام نەدانەوەی دەسەڵات بە خواستەکانی جەماوەری ناڕازی و بۆ داواکاریەکانیان و لە بەرامبەردا بەردەوامیدان بە دەستگیرکردنی هەڵسوڕاوانی خۆپیشاندانەکان و پاشان توندتربوونەوەی ناڕەزایەتیەکان لە داواکاریەکانی موچەو ئاو و کارەباوە بۆ بەرزکردنەوەی داواکاری ڕۆشتنی دەسەڵات و لەبەرامبەردا وەڵامی دەسەڵات بەچەک و گازی فرمێسکڕێژ و کوشتاری ژمارەیەک و دەسەتگیر کردنی

## درێژەی .. گفتوگۆ لەگەڵ دەشتی جەمال

گەورە و بڕوا بوون بە ئیرادەی خۆیان ئاڕاستە بکەن، پێویستە هەوڵبدەن قەیرانی دەسەڵات قووڵ بکەنەوە بۆ ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانە، بۆ ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی و هەمەلایەنە لە ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگادا. ئەمەش بە ڕێکخراوبوون و گوێزانەوەی ناڕەزایەتییەکان و شێوازی ناڕەزایەتییەکان بۆ ناوەندەکانی کار و ژیان و کۆنترۆڵکردنی گەڕەک تا کۆنترۆڵکردنی فەرمانگەکان لەلایەن کارمەندانی خۆیانەوە و گۆڕینی بەرپرسی فەرمانگەکان و ڕێکخستنی کۆبوونەوەی گشتی لە گەڕەک و ناوەندەکان و هەڵبژاردنی نوێنەری واقعی خۆیان. ئەو فەرمانگایانەی داهاتیان هەیە موچەی کرێکاران و کارمەندانی خۆیانی لێ دەستەبەر بکەن و ئەوەی دەمێنێتەوە بیخەنە سندوقی هاوکاری گشتی، بۆ مووچەی بەش و سێکتەرەکانی تری وەک مامۆستایان و نەخۆشخانە و فەرمانگەکانی تر. دەبێ دەست بەرن بۆ دروستکردنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی لاوان و ژنان و کرێکاران ... تا بتوانێت لەگەڵ داسەپاندنی هەر داواکارییەکدا بەرەو ئەوە بڕوات سیستەم و یاسا و ڕێسای ئەم دوو دەسەڵاتە کۆنەپەرستە وردوخاش بکات و لەجێگایدا دەسەڵاتێکی پشتبەستوو بە ئیرادەی ڕاستەوخۆی جەماوەری بەشمەینەت دابمەزرێنێت. ئەمە پێش هەرشتێک هاتنەمەیدانی هەڵسووڕاوانی چەپ و کۆمۆنیستەکانی پێویستە تا لە ناوجەرگەی ئەو ناڕەزایەتییانەدا کۆتایی بەم پەرشوبڵاوییە بهێنێ و بەشێوەیەکی بەردەوام و تا سەرکەوتن ڕابەری خەباتی جەماوەری ناڕازی و کرێکار و زەحمەتکێش بکات.

☆

## درێژەی .. بەدژی سیاسەتە سەرکوتگەریەکانی

ژمارەیەکی زۆر لە لاوان هەتا منداڵان کە لەبەر بێدەرامەتی رژابوونە سەر شەقامەکان. هەموو ئەمانە میدیای جیهانی بەخۆوە گرت، رێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان زنجیرەیەک خۆپیشاندانی لە وڵاتەکان بەرپاکرد دژ بەسیاسەتی سەرکوتگەری کوشتن کە لە فنلاند و بەریتانیا پاشان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی ئازادیخوازو هەڵسوڕاوانی سیاسی لە کەنەداو ئوسترالیا هاوشێوە خۆپیشاندان برایە بەردەم نوسینگەکانی حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی ئەو وڵاتانەو ناوەندی شارەکان هەروەها نامەی نارەزایەتی و لیستی ناوی دەستگیراوەکانی درایە ژمارەیەکی زۆر لە رێکخراوە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ و حزبە چەپ و کرێکاریەکان و ئەندام پەرلەمانەکان لە زۆرێک لەوڵاتەکانی دنیادا بۆ ئازادکردنی چالاکوانان. لەو پەیوەندەدا و گەیاندنی ئەو دەنگە نارەزایەتیە بەکۆمەڵگای نێو دەوڵەتی ژمارەیەکی زۆر نامەی نارەزایەتی ئاراستەی حکومەتی هەرێم و حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردایەتی کرا. ئەم خۆپیشاندانانەی بەردەم نوسینگەکانی حکومەتی هەرێم و نوسینەگی مافی مرۆڤ و بەردەم پەرلەمانی وڵاتەکان و ناوەندی شارەکانی گرتەوەو دەنگی نارەزایەتی و خواستەکانی خەڵکی کرێکار و کەم دەرامەت و بێکار و لاوانی کوردستان بەرز راگیرا بە بەرزکردنەوە و وتنەوەی دروشم و قسەوباسی ئەندامانی حزب و بەشداربوان کە سەرنجی هەزاران کەسی لەو وڵاتانەدا راکێشا.

خۆپیشاندانەکان لە وڵاتەکانی بەریتانیا، فنلاند، ئوسترالیا، ئەڵمانیا و کەنەدا بەرێوەچوو بە بەشداری هاورێیانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و عێراق و کۆمۆنیستەکان و ئازادیخوازان لە کوردستان و ئێران. خۆپیشاندانەکان بە رێکخستنی سێ خۆپیشاندان لە لەندەن کە دوانیان رۆژەکانی ٨ و ١٦ دیسەمبەر لەبەردەم نوسینگەی حکومەتی هەرێم لەندەن و ١١ دیسەمبەر لەبەردەم نوسینگەی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی بوو. خۆپیشاندانی ١٠ دیسەمبەر لە هێلسنکی پایتەختی فنلاندا. ١٤ی دیسەمبەر لەبەردەم پەرلەمانی تۆرنتۆ لەکەنەدا خۆپیشاندان سازدرا. لە ئەڵمانیا شاری کۆڵن لەناوەندی شاردا لە ١٢ی دیسەمبەردا و لە ١٥ی دیسەمبەردا لە ئوسترالیا لەبەردەم نوسینگەی حکومەتی هەریم لە سیدنی خۆپیشاندانی نارەزایەتی ئەنجامدرا. لەم خۆپیشاندانانەدا وێرای بەرزکردنەوەی دروشم و وتنەوەی دروشمەکان، قسەوباسی هاورێیانی حزب لە: دەشتی جەمال، سەوسەن سەلیم، سوهام حسین، حەسەن مارف، عامر سابیر، عیرفان کەریم، جەلال سەعید، عادل ئەحمەد، ئاڵا فەرج، کەمال شوان، ئیبراهیم حسێن هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی کۆمۆنیست و ئازایخواز لە کوردستان و ئێران قسەوباسیان کرد.

هەروەها نامەی تایبەت بەناوی گوژراوی دەستی حزبەکانی دەسەلات و دەستگیرکراوان درایە دەست رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، حزبە چەپ و کۆمۆنیست و رێکخراوەی کرێکاری و ئەندام پەرلەمان نێراو قسەوباس لەگەڵ ژمارەیەکیاندا کرا. وە ئەم چالاکیانەی دەرەوە درێژەی دەبێت تا وەلام بەخواست و داوکاریەکانی خەڵک دەدرێتەوە و زیندانیان ئازاد دەکرێن و تاوانباران بەسزای خۆیان دەدرێن وە بەهەر پاساوێک دەسەلاتداران سەرکوت بکەن ئێمە هاوشانی خەبات و نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان بەردەوام دەبین.

★

**- دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، سەرچاوەی برسێتی و گرانی و بێکاری و سەکوت و بێمافیەکانە، ئەو دەسەڵاتە ئەبێت رابماڵرێت.**

**- حزب و رەوتە سیاسیە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکانی بۆرژوازی کورد، میراتگری هەمان دەسەڵاتی تاڵانچی بزوتنەوەی کوردایەتین، نابێت رێگەیان پێ بدرێت، خۆیان بە خواست و داوا رەواکانی جەماوەریدا هەڵبواسن!**

**- نابێت جەماوەری خرۆشاو بەم حزبانە بروابکەن و رێگایان پێبدرێت سواری شەپۆلی خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانیان ببن.**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

www.hkkurdistan.org

# میللەت و ناسیونالیزم

مەنسور حیکمەت *

میللەت مەقولەیەکی دیاریکراو نییە کە بەسادەیی بکرێ پێناسە بکرێت‌و بناسرێتەوە. ئەم نادیاریکراوییە دەکرێ لەئاستی جیاجیادا شیبکرێتەوە. ئینتمای میللی، ناکرێ بۆ نەژاد و تەنانەت بۆ ڕەگەزیش بگێردرێتەوە. ناکرێ بگێردرێتەوە بۆ تایبەتمەندییە بایۆلۆژییەکانی بەشەر، بە بوون‌و ژیان لەسەر یەک نیشتمان دیاری ناکرێت. میللەت‌و ئینتمای میللی، زمانی هاوبەش نییە، عورف‌و عادەتی هاوبەش نییە، ئەزەلی نییە، ئەبەدی نییە، بەرهەمی مێژووە، بەوجود دێت‌و لەناو دەچێت، دەگۆڕێت‌و سەرلەنوێ پێناسە دەکرێتەوە. لەڕووی فیزیکییەوە، میللەت بوونەوەرێکی تاقانەی خاوەن یەک جەستەو یەک هۆش نییە، بوونەرێکی ئاوێتەیە لە تاک تاکێکی جیاجیاو نەوەی جۆراوجۆرو هەمیشە لەحاڵی ئاڵوگۆڕی ئینسانەکان. تا ئەم ساتە پێناسەیەک لە میللەت بەدەستەوە نەدراوە کە بتوانێت ناسنامەی هاوبەشی میللی بەشێوەیەکی ئۆبجەکتیف، لەسەر بنەمای کۆمەلێک تایبەتمەندی مەلموس‌و تەفسیر هەڵنەگر بەیان بکات. هەرکام لەو فاکتەرانەی سەرەوە یاخود هەرکۆمەڵلێکلەوانە وەکو زمانی هاوبەش، مێژووو فەرهەنگی هاوبەش، نیشتمانی هاوبەش‌و.. تاد بکەینە پێوەرو بناغە، ئەگەر هەندێک لێی قووڵ ببینەوە، ئەبینین کە ئیستسناکان لە قاعیدە گشتییەکان زورترن‌و پەی بە زهنی بوون‌و هەڕەمەکی بوونی هەموو دەستەبەندییە میللییەکان‌و تەنانەت خودی فاکتەرەکانیش دەبەین. لەنێو هەموو ئەم ناسنامانەی کەبەدرێژایی مێژوو بۆ دەستە بەندي کردنی ئینسانەکان داتاشراون، لە ئینتمای خوێنی، قەبیلەیی، قەومی، جنسي و نەژادي و .. تاد، میللەت لە هەموان شلوکتر، نادیاریکراوتر، بێپاساوترو زهنیترو لەڕووی مێژووییەوە مەرجدارترە.

ئینتمای میللی بەپێچەوانەی جنسی ئینسانەکانەوە خوڵقاوی سروشت نییە، خوڵقاوی کومەڵگاو مێژووی ئینسانە. ئینتمای میللی لەم ڕوانگەیەوە لە ئایین دەچێت. بەڵام بەپێچەوانەی ئینتمای دینییەوە، ئینتمای میللی تەنانەت لەئاستێکی فورماڵییشدا شتێک نییە کەخوت هەڵیبژێري و دیاری بکەیت. وەک تاکێک ناتوانیت بە میللەتیکی تایبەتەوە پەیوەست بیت، یاخود لێی داببڕێیت. (هەرچەندە بەشیک لەتویژەوەرەکانی میللەت‌و میللەتچێتی تیڕوانینێکی سەبجەکتیفی لەم چەشنەیان لەم مەقولەیە بەدەستەوە داوە). ئەم تایبەتمەندییە، کارایي و توانایەکی سیاسی سەرسوڕهێنەر بە میللەت‌و ئینتمای میللی دەبەخشێ. کوتیکە لەگەردنی جەماوەری فراوانی خەڵک کەهیچ کەسێک نازانێت لەکوێوە هاتووەو ناتوانێت بەشوێن سەرچاوەکەیدا بگەڕێ و بەم حاڵەشەوە بوونی ئەوەندە شتێکی سروشتي و بەڵگەنەویستە کە هەموان بەبەشێک لە پەیکەرو بوونی خۆیانی دەزانن. بەڵام نەوەی ئێمە شانسی ئەوەی پێ براوە کە لەماوەی ژیانی خۆیدا بەشێوەیەکی ڕۆژانە دروست بوونی میللەتی تازەو بێئیعتباریی مەقولاتە میللییەکانی پێشوو بەچاوی خوی ببینێ و هەربەم بونەیەوە دەتوانێ ناسنامەی میللی وەک بەرهەمێکی ئابووری سیاسی ببینێت‌و، تەنانەت ڕەخنەشی لێبگرێت. ئینتمای میللی قاڵبێکە بۆ دەستەبەندي کردن‌و ئارایشتدان بە ئینسانەکان لەپەیوەند بەبەرهەمهێنان‌و ڕێکخستنی سیاسی کۆمەڵگاوە. میللەت بەمانای کۆی ئەو ئەفرادانە نییە کە یەک ئینتمای میللییان هەیە، بەپێچەوانەوە، ئینتمای میللی فەرد بەرئەنجامی سەپاندنی ناسنامەی میللی کۆیە بەسەر ئەودا. ئەوە میللەتەکان نین کە جودا دەبنەوە یان پێکەوە دەلکێن، بەڵکو ئەوە



پێکەوە لکان‌و جیابوونەوە داسەپاوەکانە بەسەر جەماوەری ئینسانەکاندا کە میللەتەکان پێکدەهێنێت. ناسیونالیزم بەرهەمی سیاسي و ئایدولۆژیی میللەتان نییە، بەپێچەوانەوە، ئەوە میللەتانن کە بەرهەمی ناسیونالیزمن.

* لەباسێکی مەنسورحیکمەتەوە بەناوێ "میللەت‌و ناسیونالیزم‌و بەرنامەی کومونیزمی کریکاری" وەرگیراوە .. بۆخوێندنەوەی تەواوی بابەتەکە تکایە سەردانی سایتی حزب ، بەشی باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری بکە :
https://www.hkkurdistan.org/

☆

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی:
عوسمانی حاجی مارف
Mob: 00964(0)7701570050
Email: osman_maruf@yahoo.com
مەکتەبی سیاسی:
موحسن کەریم
Mob: 00964(0)770 047 5533
Email: muhsin_km@yahoo.com
سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
عیرفان کەریم
Email: arfan96@yahoo.de
ڕێکخراوی دەرەوەی وڵات:
دەشتی جەمال
Mob: 0044 (0) 07856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com
نوری بەشیر
Email: nooribashir1@yahoo.com
Mob: 0044 (0) 74 7620 4121

## ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!